# بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێکارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

**بەفراو ڕەئووف حەمەیوسف** [1]

[1] بەشی یاسا، کولێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی هەڵەبجە،هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: bafraw89@ut.ac.ir

## پووختە

پەیدابوونی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بۆتە بابەتێکی گەرمی جیهان و لە زۆر ڕووەوە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت. ئەم ڤایرۆسە جگە لە بابەتی تەندروستی، پەلی هاویشتۆتە ناو زۆر مەیدانی دیکەی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی. بە شێوەیەک کە باس لەوە دەکرێت لەمەودوا جیهان دابەشی دوو قۆناغی مێژوویی، پێش کۆرۆنا و پاش کۆرۆنا، دەبێت. تا ئێستا لە زۆر گۆشەوە سەیری لێکەوتەکانی کۆرۆنا کراوە، بەڵام تاکوو ئێستا لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای مافەکانی مرۆڤ کەمتر بوار هەبوە کاری بۆ بکرێت. بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان ئەو هەلە ڕێک نەکەوتووە تاکوو لە دیدگای یاساییی کاری لە سەر بکرێت. هەڵبەت، لەم ماوەیەدا لە وڵاتانی دیکە چەند توێژینەوەیەکی زانستی بۆ ئەم بابەتە کراون؛ بە تایبەتی لە زانکۆکانی ئێران وتاری گرنگی زانستی لە سەر نووسراون. بۆیە وەک هەلێک، بە پێویستمان زانی کەڵک لەم توێژینەوانە وەربگرین بۆ ئەوەی جگە لە ڕێڕەوسازیی زانستی یاسایی، بزانین لە داهاتوودا چۆن مامەڵە لە گەڵ وڵاتی خەتاکار بکەین و چۆن داوای ماف و قەرەبووی زیانە مادی و مرۆییەکانمان بکەین. لەو بارەوە، پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئەرکی وڵاتانی جیهان لە ڕووی یاسایی لە بەرانبەر وڵاتێک کە بۆتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە گوازراوەیە چییە؟ لە وڵامدا پێ دەچێ وڵاتانی جیهان ناچارین بە یەکدەنگی هەڵوێستیان یەک بخەن و لە بەرانبەر ناوەندی کەمتەرخەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەخۆکەون.

**وشە سەرەکییەکان:**

ڤایرۆسی کۆرۆنا، نەخۆشیە گوازراوەکان، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)، مافە کانی مرۆڤ، یاسای نێودەوڵەتیی گشتی.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٥ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٧/٢٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٨/٢٦ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | bafraw89@ut.ac.ir |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٠ م.ی.بەفراو ڕەئووف حەمەیوسف،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الملخَّص

مواجهة فيروس كورونا في إطار القانون الدولي وإرشادات منظمة الصحة العالمية

إنّ ظهور فايروس كوفيد ١٩ بوصفه موضوعاً عالميّاً ساخناً يُدرَس من زوايا مختلفة؛ فقد تَسرَّب الفايروس المذكور، فضلاً عن موضوع الصحة، إلى حقول أخرى أيضاً، مَثيلَ كلٍّ من الحقل السياسي والاقتصادي والاجتماعي. حيث يُقال إنّ العالَم سوف يَنقسم من الآن فصاعداً إلى حقبتَين تاريخيتَين هما ما قبل كورونا وما بعد كورونا. وقد نُظِر حتى الآن في تداعيات كورونا من أبعاد متعدِّدة، لكنْ قلّما تَسنَّتِ الفرصةُ بأنْ يُتطرَّق إلى هذا الموضوع من بُعد القوانين الدوليّة و ومبادئ حقوق الإنسان. وفي إقليم كردستان على وجه الخصوص لَمّا تُتَحْ فرصةٌ كهذه لإجراء رؤًى قانونية في هذا الصَّدَد. وبالطبع فقد دُوِّنت في هذه الفترة في دول أخرى بحوث تَتمحور عن القانون في هذا الباب؛ ولا سيّما في الجامعات الإيرانيّة، حيث كُتبِت مقالات علميّة مُهمّة. وعليه، فإننا نغتنم الفرصة ونرى من الضرورة بمكان الاستفادةَ من المقالات المرتبطة بموضوعنا كي نَقِف، إضافةً إلى التدفُّق العلمي والقانوني وكذلك معرفة منهج التعامل مع الدول المذنبة، على كيفيّة أخْذ الحق وتعويض الأضرار المادّيّة والبشريّة. إنّ سؤال هذه البحث الرئيسَ في هذا الباب هو ما هي مسؤولية دول العالَم في مواجهة الدول المسؤولة عن تَفشّي هذا الفايروس المُعْدي من الناحية القانونيّة؟ وجواباً عن هذا السؤال، يَبدو أنّ دول العالَم مُضطرّة إلى أنْ تَتناغم مع بعضها بعضاً، وتَتشارك في ردّة فعلها، وتَقف إزاءَ مركز إهمال انتشار فايروس كورونا.



**الكلمات المفتاحية:**

فايروس كورونا، الأمراض الوبائية، منظّمة الصحّة العالمية (WHO)، حقوق الإنسان، القوانين الدولية.



## Abstract

The emergence of the Covid 19 virus as a global hot topic has been studied from various angles. In addition to health issues, the virus has spread to other areas such as politics, economics and society. It is said that from now on the world will be divided into two historical periods before and after Corona. So far, the consequences of the corona have been considered in many ways, but so far there has been less opportunity to address this issue in terms of international law and human rights law. Especially in the Kurdistan region, there is no such opportunity for legal attitudes in this regard. Of course, law-abiding articles have been written in other countries during this period; Especially in Iranian universities, important scientific articles have been written. Therefore, we seize the opportunity and consider the use of related articles to be aware of the legal process and compensation for material and human losses, in addition to the scientific and legal process and the way of interacting with the wrong countries. In this regard, the main question of this article is what is the responsibility of the countries of the world in dealing with the countries responsible for the spread of this pervasive virus, legally? In response, countries around the world seem to have to work in concert and stand up to the center of procrastination.



## Kyewords:

Corona virus, Epidemic Diseases, World Health Organizatio (WHO), Human Rights, Public International Law.

مقابله با ویروس کرونا در چارچوب حقوق بین¬الملل و راه¬کارهای سازمان بهداشت جهانی

چکیده

پیدایش ویروس کوئید ۱۹ به عنوان یک موضوع داغ جهانی از زوایای مختلفی مورد مطالعه قرار گرفته است. ویروس مذکور علاوه بر موضوع سلامت به حوزه¬های دیگر همچون سیاسی، اقتصادی و اجتماعی نیز سرایت کرده است. به طوریکه گفته می¬شود از این پس جهان به دو برهه تاریخی پیش و پس از کرونا تقسیم خواهد شد. تا کنون از ابعاد متعددی به پیامدهای کرونا نگریسته شده است، لیکن تا به حال کمتر فرصت شده تا از بعد قوانین بین¬الملل و قوانین حقوق بشر به این موضوع پرداخته شود. به ویژه در اقلیم کردستان هنوز این چنین فرصتی پیش نیامده است تا نگرشهای قانونی در این رابطه صورت بگیرد. البته در این مدت در کشورهای دیگر مقالاتی قانون¬محور در این باره نگاشته شده¬اند؛ بخصوص در دانشگاه¬های ایران مقالات مهم علمی نگاشته شده¬اند. لذا فرصت را غنیمت شمرده و بهره¬بردن از مقالات مرتبط را ملزوم دانسته، تا علاوه بر جریان¬سازی علمی و قانونی و شناخت شیوه تعامل با کشورهای خاطی، بر چگونگی حق¬ستانی و جبران ضرر مادی و انسانی واقف شویم. در این راستا پرسش اصلی مقاله حاضر این است که مسئولیت کشورهای جهان در مقابله با کشورهای مسئول انتشار این ویروس فراگیر، از لحاظ قانونی، چیست؟ در پاسخ به نظر می¬رسد که کشورهای جهان مجبور شوند به طور هماهنگ هم¬کنش شده و در مقابل مرکز اهمال گسترش ویروس کرونا بایستند.

کلیدواژه¬ها:

ویروس کرونا، امراض اپدمی، سازمان بهداشت جهانی (WHO)، حقوق بشر، حقوق بین¬الملل.

## پێشەکی

ساڵی ۲۰۲۰ لە مێژووی مرۆڤایەتی خاڵی وەرسووڕانە و بە پێچەوانەی پێش¬بینییەکان دونیا تووشی تەنگەژەیەکی گوازراوە و نامۆ هات و گۆڕانێکی بە تەوژمی بە دوای خۆیدا هێنا. بە جۆرێک کە کۆمەڵگای زانستیی ناچارە، جگە لە کاری کەلتوری و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان، لە ڕووی یاسایی وردتر و ڕاشکاوانەتر کاری زانستی بکات. لە ڕاستیدا ئەمڕۆ لە جاران زیاتر پێداچوونەوە و سەرنجدانە بابەتە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی ئیپیدۆمی و چاودێریی ناوەندەکانی توێژینەوەی ڤیرۆلۆژی بە گرینگ دادەنرێت. ئەم گرینگیەش لە گەڵ دەرکەوتن و پەلهاوێشتنی کۆڕۆنا زیاتر دەرکەوت. بە گشتی ڤایرۆسی کۆڤید ۱۹ لە گەڵ مەترسیەکەی بۆ سەر مرۆڤایەتی، کەلتوری خۆپارێزیی بەهێزتر کرد و هەروەها پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێسای تایبەت بە مافی تەندروستی مرۆڤ کردۆتە ئەرکێکی نوێی کۆمەڵگای زانستی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی.

جگە لە نیگای پسپۆڕیی پزیشکی، ئەگەر لە گۆشەنیگای دیکە سەیری ئەم کارەساتە مرۆییە بکەین، دەبینین کە لە پاش ڕیشەکێش¬کردنی نەخۆشیی هاوڵە (Small-pox, Blister-pox) لە ساڵی ۱۹۸۰ی زایینی، کە بە هۆیەوە نزیکەی پانزدە ملیۆن کەس بوونە قوربانی، بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانی (ئیبۆلا، سارس، مێرس و...) نیگەرانیی جیدی لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێکەوتۆتەوە. لە گەڵ ئەوەی لە کۆتایی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەک، کە خێرایی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا بە ڕێژەیەکی بەرچاو گەیشتۆتە لووتکە، کەم کەسێک پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە ڤایرۆسێکی نوێ بە ناوی کۆڕۆنا ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی و ببێتە کارەساتێکی نێودەوڵەتی. (زمانی، ۲۰۲۰: ۱). ئەمەش وایکرد کە دیدگای گشتی بۆ یاساکانی پەیوەندیدار بە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسە گشتگیرەکان، زیاتر سەرنج بدەنە چۆنیەتی چارەسەرکردنی سەرپێچی و گوێ¬نەدانە ئەخلاقی پزیشکی و زاڵ¬بوونی نیگای بازرگانی بەسەر نیگای مرۆڤایەتی لە واری دەوا و دەرمان.

هەروەها ئەگەر تەنیا لە گۆشەی یاسایی سەیری بابەتی کۆڕۆنا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئیتر سنووری دەوڵەتان لە بەرامبەر ڤایرۆسە گوازەرەکان ناتوانێ پارێزراو بێت و دەبێت دەوڵەتان پێکەوە پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بن. بە دەرکەوتنی کۆڕۆنا، گرێی سەرەکی لە بارەی پابەندی بە یاساکان زیاتر خۆی نواند. بۆ وێنە، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە شاری (ووهان)ی چین، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئاگادار کرایەوە؛ ئەمە وایکرد ڕێکخراوەکانی تەندروستیی بە پەلە وەخۆ بکەون و پێش هەر شتێک بە بێ ئەوەی

زانیاری زۆر ورد و تەواویان هەبێ کاری پێشگیرانە بکەن. لە کاتێکدا پێویست بوو بە دەرکەوتنی ئەم ڤایرۆسە شەفافیەتی پێویست بۆ ڕێکخراوە جیهانیەکان بخرێتەڕوو. لێرەدایە کە گرینگی چوارچێوە یاساییەکانی ڕێکخستن و کاروباری پزیشکی و تەندروستی دەردەکەوێت. هەروەها دەبێت وڵاتان و هاوڵاتیانیش تێگەیشتن و زانیاریی یاساییان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە ژیانیان بکەن و بتوانن مافی تەندروستی خۆیان لە لایەنی کەمتەرخەم و هەڵەکار بستێنن.

لەم دەلاقەوە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئەرکی وڵاتانی جیهان لە ڕووی یاسایی لە بەرانبەر وڵاتی هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە گوازەرە چییە؟ لە وڵامی گریمانەییدا پێ دەچێ وڵاتانی جیهان ناچاربن بە یەکدەنگی هەڵوێستیان یەک بخەن و لە بەرانبەر ناوەندی کەمتەرخەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێکاریی یاسایی بگەرنەبەر. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە وڵاتانی جیهان پابەندی کۆمەڵێک یاسای نێودەوڵەتی بن. لە ڕاستیدا زۆربەی وڵاتانی جیهان پێویستیان بە هاوکاری و پاڵپشتی یەکتر هەیە و لە بەرامبەردا دەبێت هەموویان پابەندی ڕێسا و یاسای نێودەوڵەتیی بن. هەروەها پێویستە هەموو وڵاتان ئەوە بزانن کە کاتێک ئەرک و ماف بە شێوەیەکی یاسایی دیاری دەکرێت بێ گومان سەرپێچی و بڵاوکردنەوەی بەڵای جیهانییش سزای یاسایی بەدواوە دەبێت و پێویستە پابەندی بن.

## هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و توێژینەوە تێیدا نوێ بوونی بابەتە بوو. هەروەها بابەتی کۆرۆنا لە زۆر ڕووی زانستی تاقیگەیی کاری لە سەر کراوە بەڵام لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی کەمترکاری لە سەر کراوە. بە تایبەتی بە زمانی کوردی لە ڕوانگەی یاسایی کاری لە سەر نەکراوە بۆیە پێویست بوو ئەم بابەتە بدرێتە بەر قەلەمی توێژینەوە.

## ئامانجی توێژینەوە:

جگە لە کاری زانستی، ئامانج لەم توێژینەوە بەرچاو ڕوونییە بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ڤایرۆسە گوازراوەکان لە ڕووی یاسایی زیاتر شارەزا بین و بتوانین لە داهاتوودا بە شێوەیەکی یاسایی داوای مافەکانمان بکەین.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بە هۆی نوێ بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا هێشتا کاری قووڵ و زانستی، لە ڕووی فەرهەنگی و یاسایی بەمەبەستی چۆنیەتی پاراستنی مافی تەندروستی هاوڵاتیان، بۆ نەکراوە. بە تایبەتی بە زمانی کوردی کەمتر سەرنج دراوەتە لایەنە یاساییەکانی ئەم ئیپیدۆمیە و چۆنیەتی وەرگرتنی مافە یاساییە تەندروستیەکان. ئەم توێژینەوە دەتوانێ ببێتە ڕێڕووی یاسایی.

## کێشەی توێژینەوەکە:

بە هۆی نوێ بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا کێشەکانی سەرەکی سەر ڕێگای ئەم توێژینەوەیە کەم نین و سەرەکیترین گرفت نەبوونی سەرچاوەی زانستیە. بە تایبەتی بە زمانی کوردی لەم بوارەدا کارێکی قووڵ و زانستیانە نەکراوە. ئەو سەرچاوانەی کە کەلکیان لێ وەرگیراوە بە هۆی پێشهاتە نوێیەکانی پەیوەندار بە کۆرۆنا ئەگەری گۆرانکارییان هەیە. هەروەها لە زمانی کوردیدا گرفتی وەرگێڕانی چەمکە یاسایی و زانستیەکان بۆ هەموان ئاشکرایە.

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیەکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچارە بە یەکدەنگی و یەکریزی هەڵوێستیان یەک بخەن بۆ ئەوەی سەنگایی یاساییان هەبێت و لە بەرانبەر ناوەندی کەمتەرخەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێکاریی یاسایی بگرنەبەر. هەروەها دوای

چارەسەرکردنی نەخۆشی کۆرۆنا پێ دەچێ ڕێکخراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی تەندروستی بە یاساکاندا بچنەوە.

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ بەدواداچوونی بابەتی سەرەکی و پرسیار و گریمانە و گەیشتن بە دەرەنجامێکی ڕوون و زانستی، میتۆدی توێژینەوەکە بە شێوەی گەڕانی کتێبخانەیی و سەرچاوە دیکیۆمێنتیە یاساییەکانە و بە شێوەیەکی شیکاریی-تەوسیفی کار دەکرێت.

گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوی گرێدراو:

لەم توێژینەوەیەدا یاسا وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت کە ڕێکخستن و چوارچێوەدانانی چالاکیی تەندروستی و پزیشکی کۆنترۆڵ دەکات. چالاکیی پزیشکی و کاروباری تەندروستی وەک گۆڕاوێکی گرێدراو بە توندوبەندیی یاسای تەندروستی نێودەوڵەتیی بەستراوەتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

پەیکەری ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە دوو باسی سەرەکی و دەرئەنجامێک؛ لە باسی یەکەمدا باس لە سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەڵوێستی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و لە ڕووی ئەرکی دەوڵەتان لە بەرامبەر نەخۆشیە گوازراوەکان و ئامرازە یاساییەکان دەکرێت و لە باسی دووەمدا، باس لە ئەگەری سکالا تۆمارکردن لە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە سەر چین دەکەین. دواجار بەپێی پرسیار و گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەرەو بەدەست هێنانی ئەو دەرئەنجامە هەنگاو دەنێ تاکوو بیسەلمێنین کە هێشتا چەکی یاسا بەهێزترین چەکی بەرگرییە لە مافی تەندروستی مرۆڤەکان و دەکرێ هەر بەم چەکە وریایی و ئاگایی وڵاتان و خەڵک بەرز بکرێتەوە و ڕای گشتی وەدەنگ بێت و وڵاتی تاوانبار یان کەمتەرخەم لێپرسینەوەی لە گەڵ بکرێت.

باسی یەکەم: ئەرک و ڕێکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە بەرامبەر نەخۆشییە گوازراوەکان

ئەو وڵاتانەی جیهان کە پەیمانە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیان پەسند کردوە، بە ئەندام-بوونیان لە ناو ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، پەسند-کردنی بڕیارنامە جۆراوجۆرەکانی وەک پەیماننامەی نێودەوڵەتی، مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانیان لە ساڵی ١٩٦٦ی زایینی، بۆ ڕێگری و بەرەنگار-بوونەوە لە نەخۆشیە بەربڵاوەکان، کۆمەڵە ئەرکێکیان گرتۆتە ئەستۆ. وەک لە بەشی پێشەکیی دەستووری کاری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیدا هاتووە، سوود--وەرگرتن لە بەرزترین ئاستی ستاندەری تەندروستی و سەلامەتی، یەکێکە لەمافە بنەڕەتیەکانی هەر تاکێک، بەبێ جیاوازی لە ڕووی نەژاد، مەزهەب، بیروباوەڕی سیاسی، یان بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەروەها پێشکەوتنی وڵاتان بە شێوەیەکی نایەکسان لە ڕووی گرینگیدان بە ئامرازە تەندروستییەکان و بەرەنگار--بوونەوەی نەخۆشیەکانیان بە مەترسیەکی گشتی لێکداوەتەوە. (UN Economic and Social Council:٥ ,٢٠٠٠) لە درێژەدا ئەرکی یاسایی وڵاتانی ئەندام دەخەینەڕوو.

## بابەتی یەکەم: ڕێکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە هەمبەر بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا

بە گشتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە ئامرازی یاسا لە هەوڵی ئەوەدان بە پێی یاسا چاودێری لە چالاکییەکانی بەشی تەندروستیی جیهانی بکەن و چوارچێوەی دیاری کراوی بۆ پێناسە بکەن هەروەها لە کاتی تەنگانە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان ڕێوشوێنی یاسایی بۆ کۆنترۆڵ کردن و لە ناو بردنی نەخۆشیەکە بدەن. لێرەدا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی وەک یەکەمین بەرپرس و خەمخۆری تەندروستیی جیهانی لە دوای بیستنی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا پێش ئەوەی بێتە ناو کاری یاسایی ناچاربوو هەڵوێستی بەپەلە بگرێتەبەر و لە چۆنیەتی هاوکاریی و یارمەتیی بۆ وڵاتان بکۆڵێتەوە ورێنمای گرنگ لە بارە ی نە خوشیە کە وە دە ربکات، هەروەها ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە ناردنی یارمەتی ڕاستەوخۆ بۆ وڵاتانی تووش-بوو هاتنە مەیدان. (world Health Organization, ٢٠٢٠a)

## بابەتی دووەم: ڕۆڵی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە بەرامبەر کۆڕۆنا

پاش ماوەیەک لە بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا، لە دەقی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەرکەوت کە جۆرێکی نوێی ڤایرۆس، واتا ڤایرۆسی کۆڕۆنا، بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، بەهێزی و خێرا بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسەیە بوو لە ناو زۆرینەی وڵاتانی جیهان. لە ٢٠٢٠/٢/١٢ لە کۆنفراسی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، لەبارەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، سەرۆکی ڕێکخراوەکە ئاماژەی بە مەترسیی ئەم ڤایرۆسە کرد و لە وتارەکانی ڕۆژانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە و دەرخستنی ڕاستییەکانە نەک دیل-بوون لە دەست ترس و دڵەڕاوکێ، ڕۆژی زانست و چاوڕوونیە نەک کەوتنە شوێن پروپاگەندەی بێ بنەما و ڕۆژی هاوکاری و هاودڵیی یەکترە نەک تۆمەتبارکردنی یەکتر. (World Health Organization, 2020b)

هاوکات لە گەڵ بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفراسە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کۆمەڵە پێداویستیەکیان، بە مەبەستی ڕووبەڕوو-بوونەوە، ڕەوانەی هەندێک وڵات، لەوانە ئەفریقا، کرد. (زمانی، ٢٠٢٠: ٣) ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هەموو وڵاتێکی ئاگادار کردەوە بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە و خۆپاڕێزیی لەم ڤایرۆسە بگرنەبەر و پێداگری لەوە کرد کە کۆڕۆنا زۆر مەترسیدارانە لە سەر سنوورەکانی هەر وڵاتێکدایە. (World Health Organization, 2020c: paragraph 3)

جگە لە ڕوانگەی یارمەتیی و هاوکاریی و بە تایبەتی چۆنیەتی خۆپارێزیی، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە هەر دەوڵەتێک لە هەر بارودۆخێکدا ناکرێ دەست لە تێڕوانینە یاساییەکان و لێکۆڵینەوە، لە بارەی ئەرک و مافی وڵاتان لە ئاست هاوڵاتیانی خۆیان لە بەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەڵبگرێت. (World Health Organization, 2020, July 20) لە ڕاستیدا، هەموو کێشە جیهانیەکان پێویستیان بە ڕێگەچارەی جیهانی هەیە؛ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە بەربڵاوەکانیش لە چوارچیوەی کێشە جیهانیەکاندان. گرێی ئەم جۆرە گرفتانە تەنها بە میکانیزمی هاوڕابوون و هاوکاریی نێوان وڵاتان دەکرێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، بەپێی بنەماکانی دەستووریی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کومەڵێک ڕێسا سەبارەت بە نەخوشیە گوازراوەکان (IHR, International Health Regulations) لە ساڵی 1969 و 2005 خراونەتە ڕوو. مافی هەبوونی تەندروستی و سەلامەت لە مادەی (25) ڕاگەیێندراوی گشتی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیریەکان ساڵی 1969 لە مادەی (12) جەختی لەسەر کراوەتەوە. (World Health Organization, 2020c) پێویستە وڵاتانی جیهان پابەندی ئەم ڕێسا و یاسانە بن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە چڕی چاودێریی لە ڕەوتی یاسایی تەندروستیی بکەن.

بابەتی سێیەم: یاسای پابەندیی وڵاتان لە بەرامبەر مافی تەندروستی و سەلامەتی هاوڵاتیان

دوای ئەوەی کە مافی تەندروستی و سەلامەتی لە بەندی (١)ی مادەی (٢٥)ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، بە فەرمی ناسێندرا، لە پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕوشنبیریەکانی ساڵی ١٩٦٦ی زایینی دیسان باس کراوەتەوە؛ بەپێی مادەی (١٢)ی ئەم پەیماننامەیە، وڵاتانی جیهان، بەرزترین ئاستی سەلامەتی جەستەیی و دەروونی بە شێوەیەکی فەرمی بە مافی هەر کەسێکی دەزانن. بەپێی بەندی (دووەم)ی هەمان مادە، کۆمەڵێک ڕێوشوێن گیراونەتەبەر کە پێویستە وڵاتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە بە مەبەستی باشتر جێبەجێ-کردنی ڕێساکان بیگرنەبەر.

بابەتی چوارەم: ڕەهەندە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی پەتاگەلی گوازراوە

بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی لە گەڵ ڤایرۆسی کۆڕۆنا پێویستە لە سێ ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی سەیری ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم پەتایە بکەین.

ئەلف) کەم کردنەوە

بە گشتی، ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە ناو سێ ڕەهەندی یاسای نێودەڵەتی، جێگەی باس-کردن و لێکۆڵینەوەیە:

١-لە ڕوانگەی بڕیار و یاساکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)؛

٢-لە ڕوانگەی یاسای مافەکانی مرۆڤ (جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ)؛

٣-لە ڕوانگەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

بابەتی پێنجەم: ڕێساکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی

ئاساییە کاتێک کە لە سەر یاسای تەندروستیی نێودەوڵەتی دەدوێین، یەکەم جار لەبارەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی قسە بکەین. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دوای ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، لایەنی سەرەکی باس و خواسی تەندروستیی جیهانی بووە؛ کار و چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە زۆر فراوانە و لە سەر بنەمای دەستووری ڕێکخراوەکەیە کە بەپێی بڕیار و یاسای ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کۆمەڵێک ڕێسای لە ژێر ناوی (ڕێسای تایبەت بە تەندروستیی جیهانی international Health Regulations, IHR) لە ساڵی ٢٠٠٥ پەسند کردووە و ساڵی ٢٠٠٧ چۆتە واری جێبەجێ کردن.

بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٥ وێنەی دووەمی ئەو بڕیارانەیە کە لە ساڵی ١٩٦٩ پەسند کراون؛ بە لەبەرچاوگرتنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گوازراوەکان لە ماوەی ئەو ساڵانەشدا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بیری لەم بابەتە کردۆتەوە، هەر بۆیە بەرنامەیان بۆ کۆمەڵێک ڕێسا، لە چوارچێوەی (IHR)، دارشتووە. ئەگەر بمانەوێ جیاوازیەک لە نێوان بڕیارەکانی ساڵی ١٩٦٩ و ٢٠٠٥ بکەین، دوو جیاوازیی سەرەکی دەبینرێت، یەکەم، ڕێسای (IHR)ی ساڵی ١٩٦٩ تەنها دەربارەی کۆمەڵە نەخۆشییەکە، بەڵام پابەندیی وڵاتان لە ڕێسای (IHR)ی ساڵی ٢٠٠٥ بە بەراورد بە ساڵی ١٩٦٩ زۆر فراوانتر بووە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کاتێک لە بارەی بڕیارەکانی تەندروستیی جیهانی دەدوێین لە سەر بنەمای بەندی (ئەلف) ی مادەی (٢١) و مادەی (٢٢)ی دەستووری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی قسە دەکەین کە ڕێگەی بە ئەنجوومەنی ڕێکخراوەکە داوە بە جۆرێک یاسادانەر بێت؛ کۆمەڵێک یاسا لە سەر ئاستی ناوخۆ پێویستیان بە پەسندکردن نیە، بەڵام دەکرێ بگوترێ لە ڕووی پابەندیی یاساییەوە تا ڕادەیەک وەک پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانن، (عسکری، ٢٠٢٠: ٢) واتا وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە دەتوانن ئەم یاسایانەی لە سەرەوە باس کران پەسند نەکەن یان ڕایگرن و ئەگەر هەڵوێستی خۆیان تا ئەو وادەیەی کە کاتەکەی دیاری کراوە دەرنەبڕن یاساکە جێبەجێ دەبێت.

## بەشی یەکەم: ڕێسای تەندروستیی جیهانیی

ڕێساکانی تەندروستیی جیهانی ساڵی ٢٠٠٥ دوو جۆر ئەرک لەخۆ دەگرێت، پابەندیی وڵاتانی ئەندام و پابەندیی خودی ڕێکخراوەکە، پابەندیی تایبەت بە وڵاتانیش چەند جۆرێکن، وڵاتانی تووشبوو بە نەخوشیە گوازراوەکان، کە دەتوانن لایەنی نێودەوڵەتی بن و وڵاتانی دیکە؛ ئەرکی سەرەکی وڵاتانی دیکە ئەوەیە کە لەم بارودۆخانەدا هاوکاری ڕێکخراوەکە بن. بەڵام وڵاتێک کە تووشی نەخوشیەکی گوازراوە دەبێت و دەتوانێت لایەنی نێودەوڵەتیی هەبێ، بەپێی کۆمەڵە ڕێساکانی تەندروستیی جیهانیی ساڵی ٢٠٠٥، سێ ئەرکی بنەڕەتی بۆ دیاری کراون:

یەکەمیان، ئەوەیە کە هەموو ڕێساکە بە شێوەیەکی گشتی و یەکپارچە جێبەجێ بکات، لە کاتێکدا ئەم ڕێسایانە خاوەنی وردەکاریەکی زۆرن. (Organization:١٢ ,٢٠٠٨a)

دووەم، خاڵێکی گرنگ کە لە ڕێساکانی تەندروستیی جیهانیی ساڵی ١٩٦٩ ئاماژەی پێ نەکراوە و لە ساڵی ٢٠٠٥ زیاد کراوە ئەوەیە کە کاتێک دەوڵەتێک تووشی نەخۆشیەکی گوازراوە دەبێت، پێویستە دەست¬بەجێ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وڵاتانی ئەندام ئاگادار بکاتەوە، بە واتایەکی¬تر دەبێت هەواڵ و زانیاری ڕوون ڕابگەیێنێت؛ ئەمەش ئەرکێکە کەوتۆتە سەرشانی هەموو وڵاتانی ئەندام و دەبێت کاری پێبکەن. ئەم ئەرکە تایبەتە بە هەموو هاوڵاتیانی خۆیی و بێگانە و هەموو ئەو کاڵا و شتومەکانەش دەگرێتەوە کە لەو وڵاتانەوە هەناردە دەکرێن. سەبارەت بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هەر لە گەڵ ئەوەی کە بابەتێکی لەم جۆرە لە لایەن وڵاتێک ڕادەگەیەنرێت دەبێت دەست-بەجێ هاوکاریەکانی، بە تایبەت لە بواری تەکنیکی و پزیشکی، بۆ ئەو دەوڵەتە دەستەبەر بکات، بۆ ئەوەی نەخۆشیەکە پەرە نەستێنێت و زیاد لە سنووری خۆی بڵاو نەبێتەوە و لە سنوورەکانی ئەو دەوڵەتە تێپەڕ نەکات و لە ناو خودی ئەو وڵاتەشدا کۆنترۆڵ بکرێت و لە ناو ببرێت. لە هەمان کاتدا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەرپرسیارە لەوەی کە دەبێ لە گەڵ تەواوی ئەندامانی ڕێکخراوەکە و کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان بەپێی ڕێوشوێنی دیاری¬کراو، ڕێسای تەندروستیی جیهانی بگرێتەبەر، تاکوو بتوانرێت بەپێی توانا ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە بگرن.

ئەرکی سێیەمی ڕێکخراوەکە، وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریە لە وڵاتان و بڵاوکردنەوەیانە، وەک دەبینین ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەردەوام

زانیاریی تووش¬بوون لە وڵاتان بڵاو دەکاتەوە. (Organization, ٢٠٠٨a: ١٣)

ئەم ڕێسایانەی کە ئەنجوومەنەکە دایناون بە تەنها کۆمەڵێک ڕاگەیەندراو نین، بەڵکوو کۆمەڵێک ڕێسای تۆکمەن بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام و پابەندیی یاسای نێودەوڵەتی هەیە. هەر لەم ڕێسایانەدا میکانیزم و ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان وڵاتان لە سەر شرۆڤە یان جێبەجێ¬کرنی ڕێساکان دانراون، کە لە سەرەتادا ڕێگەچارەی دۆستانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە داناوە کە ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام بە ڕێگەی داوەری، بەو شێوەیەی کە لە ڕێساکەدا هاتووە، چارەسەر دەکرێت؛ بەڵام ئەگەر لە نێوان ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وڵات یان وڵاتان ناکۆکیەک دروست بوو ڕێکاری چارەسەرکردنی ناکۆکیەکە لە لایەن ئەنجومەنی ڕێکخراوەکەوە چارەسەر دەکرێت. کەواتا پێشێل¬کردنی ڕێسای ڕێکخراوەکە بەم ڕێگایانە چارەسەر دەکرێت. (Organization, ٢٠٠٨a) ڕێساکانی تەندروستیی جیهانیی دەبێت بە هاوکاریی وڵاتان پێکەوە جێبەجێ بکرێت؛ WHO بە تەنهایی توانای گرتنەبەری هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی نیە. لەم کاتانەدا کۆمەڵێک کێشەی وەک کێشەی بودجە، تا رادەیەک دەستی ڕێکخراوەکە دەبەستێت، هەر بۆیە لە ناو ڕێساکانی ڕێکخراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە دەبێت وڵاتان لە کاتی سەرهەڵدانی کارەسات و نەخۆشیە گوازراوەکان بە نموونە ی بارودۆخی ئێستای جیهان، هاوکاربن. (عسکری، ٢٠٢٠: ٣)

## بەشی دووەم: دەست¬تێوەردانی کاروباری ناوخۆیی وڵاتان و گرفتی سیاسی

جگە لەوانە، کێشەی سیاسیش بوونی هەیە. زۆرێک لە وڵاتان بە پشت-بەستن بە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ پاراستنی سەروەریی و دەسەڵاتی دەوڵەتی خۆیان ڕێگە بە دەست¬تێوەردانی ڕەهای ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تەندروستی نادەن و تا ئەو جێگەی بتوانن هەوڵ دەدەن کێشە یاساییەکانیان لە بەرامبەر پەتایەکی گوازراوەییش لە چوارچێوەی دەسەڵات و یاسا ناوخۆییەکانیان چارەسەر بکەن. لە گەڵ ئەوەشدا دەوڵەتان ناچارن لە هەندێک بواردا پابەندی یاسا جیهانیەکان و یاساکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بن و بە شێوەیەکی سنوردار ڕێگەی دەست¬تێوەردانیان پێبدەن. سروشتیە کە کۆمەڵە وڵاتێک بەوە ڕازی نەبن کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا ڕۆڵێکی زۆری هەبێ. یان وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، وڵاتان دەتوانن هەڵوێست وەرگرن یان مەرج لە سەر ئەم ڕێسایانە دابنێن، (مادە ٦٢)؛ بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکە وڵاتێکە کە بە دوو شێواز مەرجی لە سەر ئەم ڕێسایە داناوە، یەکەم مەرج ئەوەیە کە ئەمەریکا وەک وڵاتێکی فیدراڵ لە جیاتی هەموو ویلایەتەکان پابەند نیە، دووەم، ئەم پابەندیە هێزە سەربازیەکانی وڵاتەکەی ناگرێتەوە، بە تایبەت لە کات و بارودۆخێکدا کە جێبەجێ¬کردنی ئەم ڕێسایە لە بەردەم چالاکی و ئەرکە سەربازیەکانی ڕێگر بێت. (Organization, 2008b: 37 & ٦٠) ئەم ڕێسایە وەک پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە پەیماننامەکانی ساڵی ١٩٦٩ یە، لەم ڕێسایەشدا مافی تانە، لە سەر ئەو وڵاتەی کە مەرج لە سەر ڕێساکە دادەنێ، هەیە. کۆماری ئیسلامی ئێران تاکە وڵاتە کە تانەی هەبووە لە سەر ئەو مەرجەی کە ئەمەریکا دایناوە و ئاماژەی بەوە داوە کە ئەمەریکا بەم مەرجەی کە دایناوە لە قورسایی ڕێساکانی تەندروستیی جیهانی ساڵی ٢٠٠٥ی کەم کردوە و جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەمەریکا هەوڵ دەدات یاسا ناوخوییەکانی خۆی لە پیش یاسا نێودەوڵەتیەکان دابنێت. (Organization, ٢٠٠٨b :٦١)

بەشی سێیەم: میکانیزمی چارەسەری پەتای گوازەر لە لایەن IHR

لە ڕوانگەی یاسای مافەکانی مرۆڤ (HRW, ٢٠٢٠)، لایەنێکی دیکە کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم نەخۆشیە دەتوانرێت ئاماژەی پێ بدرێتت، مافی هەبوونی سەلامەت یان مافی تەندروستیە. بەم شێوەیە شرۆڤەی ژمارە (١٤)ی مافی تەندروست¬بوون ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

١-ڕێزگرتن (respect)

٢-پشتیوانی یان پاراستن (protect)

٣-هێنانەدی (fulfillment)

بەپێی خاڵی یەکەم، دەبێت وڵاتان دڵنیایی ئەوە بدەن کە هەموو تاکەکان ڕێزیان لێ بگیرێت، لەوانەش ئەو کەسانەی کە بەندکراون دەبێت بەپێی هەموو ڕێکارەکانی بەندکردنەوە ڕێزیان بگیرێت. مەبەست لە پاراستن، واتا ڕێگە بە کۆمپانیا و لایەنە تایبەتەکان نەدریت کە بارودۆخەکە بە هەل وەربگرن و دەست بە سەر پێداویستیە تایبەتەکان بۆ ئەو نەخۆشیە بگرن، هەر بۆیە دەوڵەت دەبێت ڕێگر بێ لەم جۆرە کارانە.

(United Nations human rights, 1948)

مەبەست لە خاڵی سێیەم هێنانەدی ئەو میکانیزم و ڕێوشوێنانەیە کە دەوڵەت دەبێت بیانگرێتەبەر چ لە ڕێگەی یاسادانان یان چاودێریی جێبەجێ-کردنی ڕێسای تایبەت بە بارودۆخەکە. کورتەکەی ئەوەیە کە نابێت هیچ جیاوازیەک بۆ مافی تەندروست¬بوون لە نێوان هاوڵاتیانی دەوڵەتەکان بکرێت و دەبێت ئەو مافانە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە. (United Nations human rights, 1948) هەروەها لە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا پێداگری زۆر لە سەر جێبەجێ¬کردن و ڕێزگرتنی ئەم ڕێسایە سەبارەت بە بەندکراوان کراوەتەوە، یان ئەگەر مافی تەندروست¬بوون لە شوێنی کارکردندا بکەوێتە مەترسی خاوەن کار بەرپرسە لە بارودۆخەکە. (عسکری، ٢٠٢٠:٤)

مافی دواتر کە لە ناو سیستەمی یاساکانی مافی مرۆڤدا هاتووە، بریتین لە مافی بەردەست¬بوونی زانیاریی وەک یەکێک لە خاڵەکانی پابەندبوون بە مافی ئازادیی ڕادەربڕین. هەر وەک چۆن لە بڕیاری ژمارە (٥٩)ی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٦ و هەروەها لە مادەی (١٩)ی ڕاگەیێندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و مادەی (١٩)ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتوە؛ بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک بەند لە بارودۆخی زۆر تایبەتدا مافی ئازادیی ڕادەربڕین سنوردار دەکات. هەرچی پەیوەندی بە هەواڵ و زانیاریەکان لە بارەی ئەم نەخۆشیە یان ئەم ڤایرۆسە هەیە دەبێت زۆر بەڕوونی و ئاشکرایانە بخرێنە بەردەست چوونکە پەیوەندی بە تەندروستی و سەلامەتیی کۆمەڵگاوە هەیە. (عسکری، ٢٠٢٠: ٥)

بەشی چوارەم: مافی کارکردن و هاوکاریی مرۆییەکان

لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت دەربارەی مافی پێشکەوتنیش لێکدانەوە بکرێت، بە تایبەت لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە بەربڵاوەکان؛ وەک ئاشکرایە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیانە زۆر لە کار و پیشەکان پەکیان دەکەوێت، هەر بۆیە لە ناو (ئامانجەکانی هەزارەی پێشکەوتن ژمارە ٦ MDJ) و (هیواکانی پێشکەوتنی پایەدار ژمارە ٣ SDJ) ئاماژە بەم لایەنەش دراوە.

مافێکی دیکە، مافی وەرگرتنی هاوکاریی مرۆڤایەتیەکانە. ئەم نەخۆشیە کۆمەڵێک ڕەهەند و لایەنی نێودەوڵەتی بەرفراوانی هەیە؛ هەروەک لە ناو ڕەشنووسی مافی یەکبوونی نێودەوڵەتی، کە لە لایەن هەواڵنێری ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ دراوەتە دەست کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەخت لەوە کراوەتەوە کە فریاکەوتنە مرۆڤایەتیەکان یەکێکن لەو مافانەی کە لە ناو چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ دەبێت لەبەرچاو بگیرێن. (عسکری، ٢٠٢٠: ٥) بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە ئابلۆقەیان خراوەتە سەر لەبەرچاو بگیرێت.

## بەشی پێنجەم: کەرەنتینەکردن و مافی ئازادیی هاوڵاتیان

هەروەها لە کاتی کەرەنتینەکردن، بە هۆی نەخۆشیە گوازراوەکان، دژیەکیی لە ناو مافەکانی مرۆڤدا دروست دەبێت. ڕەنگە باس لەوە بکرێت یان بگوترێت کە ئیمە مافی ئازادیی هاتوچۆکردنمان بەپێی مادەی (١٢)ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان هەیە، بەڵام سروشتیە لەم کاتەدا بەندی (٣) لە مادەی (١٢)ی تەندروستیی گشتی وەک هۆکارێک بۆ سنوردار-کردنی ئازادیی هاتوچۆ دابنرێت.

لە کاتی ناردنی یارمەتیە مرۆڤایەتیەکانیش پێدەچێت لە گەڵ مافی سەروەریی وڵات کێشە دروست بێت، بە تایبەت کاتێک کە دەوڵەت دەیەوێت خۆی کۆنترۆڵی بارودۆخی وڵاتەکەی لە دەست بگرێت و بەڕێوەی ببات. هەر بۆیە لێژنەی یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٦ باسی ئەم بابەتەی کردووە (Commission, ٢٠١٦)، لێرەدا دەبێت هەڵوەستە لە سەر سێ خاڵ بکەینەوە:

یەکەم، لە ناو پرۆژەی لێژنەی یاسای نێودەوڵەتی، تایبەت بە کارەسات یان (disaster)، پێناسەیەکی زۆر گشتی لە کارەساتەکان کراوە کە دەکرێت نەخۆشیە بەربڵاوەکانیش لە چوارچێوەی کارەساتەکاندا دابنرێن( مادە 3). (Commission, 2016: 2)

دووەم، سەبارەت بە داواکردنی یارمەتی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یان لە وڵاتانی دیکە بۆ دەوڵەتەکان هەندێک ئەرک دانراون، لە کاتێکدا ڕەنگە خودی ئەو وڵاتانە توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفتانەیان نەبێت و نەتوانن ئەو کارەساتە بە تەواوی کونترۆڵ بکەن و کۆتایی بهێنن.

سێیەم، بەرپرسیارێتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پیدانی یارمەتی و پێداویستی بە وڵاتی داواکاری یارمەتی.

بابەتی شەشەم: پەیوەندیی نەخۆشیە گوازراوەکان بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی

بابەتێکی دیکەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی کە دەکرێت لەو چوارچێوەیەشدا باسی ئەم نەخۆشیە بکەین، بابەتی گرنگی پارێزگاری¬کردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیە. لەم ڕوانگەیەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوەیە گگرتوەکان، بەرپرسیاری یەکەمی پارێزگاری¬کردنن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. کاتێک باس لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکرێت ڕەنگە زۆرینە پێیان وابێت تەنها دەبێت مەترسیەکانی جەنگ و بەکارهێنانی هێز لە چوارچێوەی کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دابێت، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەنجومەنی ئاسایش، نەخۆشی و ڤایرۆسی وەک ئایدز (HIV١) یان ئیبۆلای وەک مەترسیەک بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی داناوە و کۆمەڵێک بڕیاری لە بارەی ئەو نەخۆشی و ڤایرۆسانە دەرکردوە. کەواتا دەکرێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە بابەتی کۆڕۆناش (COVID 19) لە بەرنامەی کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دابنرێت، (مصفا، ٢٠٢٠: ٦)، بە تایبەت لە کاتێکدا کە ئەم نەخۆشیە دەتوانێت بڕواتە ئەو وڵاتانەش کە پێکدادانی چەکدارانەیان تێدایە؛ وەک ئاشکرایە لەم کاتانەدا مەترسیەکی زۆر فراوانتر ڕوودەدات. لە سەر ئەم بابەتە چوار بڕیاری تایبەت بە نەخۆشیە بەربڵاوەکان لە ناو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش هەن؛ دوو بڕیار لە سەر بابەتی ئایدز و دوو بڕیار لە بارەی ئیبۆلا.

یەکەمین بڕیاری ژمارە (١٣٠٨) ساڵی ٢٠٠٠ لە سەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە بەربڵاوەکانە کە تێیدا ئەنجومەنی ئاسایش ڕاشکاوانە جەختی لە سەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە بەربڵاوەکانی وەک ئایدز کردۆتەوە کە دەتوانێت ببێتە مەترسیەک لە سەر یەکڕیزی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. (United Nations, 2018: 1)

لە ساڵی ٢٠١١ بەپێی بڕیاری ژمارە (١٩٨٣)، ئەنجومەنی ئاسایش پێشوازی لەوە کردەوە کە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیە بەربڵاوبووەکانی وەک ئایدز و دەرمان کردنی لە سەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەموو وڵاتان بۆ پابەندی و بەرپرسیاریێتی و هاوکاریی هان دەدات.

لە بارەی نەخۆشی ئیبۆلا، کە لە ئەفریقا زیاتر بڵاو بۆوە، ئەنجومەنی ئاسایش لە بڕیاری ژمارە (٢١٧٧)ی ساڵی ٢٠١٤ بۆ یەکەم جار باسی لەوە کرد کە ئەم نەخۆشیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبێتە مەترسی. کەواتە بابەتێکە کە بە تەواوی ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت لە ناو بەرنامەی کارەکانی خۆی دایبنێت و جارێکی¬تر جەختی لەوە کردەوە کە لەم ڕوانگەیەوە پێویستمان بە هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە. (السقاف، ٢٠٢٠: ٢)

بڕیاری دووەم، بڕیاری ژمارە (٢٤٣٩) لە ساڵی ٢٠١٨، کە تێیدا باسی چەندین خاڵ دەکات، ئەو خاڵانەی پەیوەستن بە توێژینەوەکەمان بریتین لە:

یەکەم، بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە لە کۆنگۆ، بەرپرسیاریەتی یەکەمی دەوڵەت، واتا وڵاتی کۆنگۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارەساتەکە بەرپرسیاری یەکەمە.

دووەم، ئەو وڵاتەی کە نەخۆشیەکەی تێدا بڵاو بۆتەوە دەبێت زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوانە زانیاری و هەواڵ بخاتە بەردەست کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

سێیەم، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ڕووی ئابووری و ئاسانکاری¬تر، یارمەتی ئەو وڵاتانە بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن کارەساتەکە کونترۆڵ بکەن. ( paragraph 6-16:UNAIDS, 2000)

کەواتە ئەوەی لەبارەی نەخۆشیە گوازراوەکان ئاشکرایە، ئەوەیە کە تەنها ڕێگای بەرەنگار¬¬بوونەوەی ئەو نەخۆشی و پەتایانەی لە ڕابردوودا هەبوون و ئەو ڤایرۆسە نوێیەی کۆڕۆنا، بریتیە لە هاوکاری لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، یاسای نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ڕێساکانی مافی مرۆڤ و مافە مرۆڤایەتیەکان و ڕێسای تایبەت بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئەم بابەتەی ڕێک خستووە. (عسکری، ٢٠٢٠: ٨)

باسی دووەم: تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای دادی نێودەوڵەتی

لە دیدگای یاسایی، هەر لەسەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بە ناو وڵاتاندا یاساناسەکان باسیان لەوە کرد چۆن دەتوانرێت لایەنی پەیوەندیدار ببرێتە بەردەم دادگا و لێپرسینەوەی لە گەڵ بکرێت، هەر بۆیە دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە بنەما و دەستووری دادگای دادی

نێودەوڵەتی کرد. (Huremagić & Kainz, 2020: paragraph 1) بەپێی مادەی (٧٦)ی دەستووری دادگاکە و مادەکانی (٦٣) و (٦٤)ی دەستووری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کە باس لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە و گرفت لە گەڵ وڵاتانی ئەندام یان لە نێوان وڵاتانی ئەندام دەکرێت. هەر بەپێی ئەم مادانەی باس کران دەکرێ سکاڵا لە سەر وڵاتی کەمتەرخەم بکرێت.

بەپێی زانیاریە گشتیەکان لە سەر ئاستی میدیا جیهانیەکان، ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە سەرەتای مانگی (١٢)ی زایینی ساڵی ٢٠١٩ لە شاری (ووهان)ی چین سەری هەڵدا. (بیگدلی، ٢٠٢٠: ١) یەکەمین هەوڵی فەرمیی دەوڵەتی چین، بە مەبەستی ڕووبەڕوو¬بوونەوەی کۆرۆنا، لە ٢٠٢٠/١/٢٠ ئەنجامدرا. لە دەرئەنجامدا نزیکەی ٥٠ ڕۆژ هاوڵاتیانی چین و جیهان لێی بێ¬ئاگا بوون، لە ناو وڵاتی چین¬یشدا ئەوکەسانەی لەم ماوەدا هەواڵ و زانیاریەکیان بڵاوبکردایە تە وە، بە تاوانی بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی ناڕاست دەست¬گیر دەکران و بەپێی یاسای چین سزا دەدران. (بیگدلی، ٢٠٢٠: ٢) دەوڵەتی چین لەو ماوەیەدا لە وتار و هەواڵە فەرمیەکانیدا لە بری ئاگادارکردنەوە و فێرکاریی و چۆنیەتی خۆپارێزی بۆ خەڵک، ئەوەی ڕادەگەیاند کە پەتاکە جێگەی ترس و نیگەرانی نیە، نەخۆشیەکی چاوەڕوان¬کراوە و بەتەواوی لە ژێر چاودێری دایە. تا ئەو ڕادەیەی کە تەنانەت یەکەم قوربانی ئەو نەخۆشیەی شاردەوە. (بیگدلی، ٢٠٢٠: ٢) دوای ئەو ماوەیە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی ئاگادار کرایەوە و لە ٢٠٢٠/١/٣٠ بارودۆخی مەترسی تەندروستیی جیهانیی ڕاگەیاند و هەواڵەکەی دایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەم درەنگ¬کێشانە بوە هۆی ڕێگربوون لەوەی کە زۆرینەی وڵاتان نەتوانن لە زووترین کاتدا ڕێگری لە گەیشتنی پەتاکە بۆ وڵاتەکەیان بکەن. ئەگەرچی وڵاتی چین دواتر لە ڕێگەی ناردنی یارمەتی بۆ وڵاتان هەوڵیدا دواخستنی ئاگاداریی و شاردنەوەی زانیاریی بشارێتەوە و بەم جۆرە قەرەبووی بکاتەوە، بەڵام ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هیچ هەڵوێستێکی فەرمی لە بەرامبەر ئەو کارەی چین دەرنەبڕی و بەڵکوو لە بەرامبەر ناردنی یارمەتی بو وڵاتان سوپاسی ئاراستەی چین کرد.

بەپێی پێناسەی ئەو ڕێسا و یاسانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، وەک ڕێساکانی ساڵی ١٩٦٩ و ٢٠٠٥ی ڕاگەیێندراوی گشتی مافەکانی مرۆڤ و مافی سەلامەتیی هاوڵاتیان و بەپێی ئەرکی دەوڵەتان، وڵاتانی زیان پێکەوتوو دەتوانن ڕێگەی یاسایی لە سەر وڵاتی کەمتەرخەم بگرنەبەر. هەروەها بەو پێیەی کە ڕێکخراوە نێودە و لە تیپە کان دەستی یارمەتی بۆ تووشبوان درێژ دەکەن، وڵاتانی تووشبوو دەتوانن داوای یارمەتی و هاوکاریی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی تەندروستیی جیهانی بکەن. لە لایەکی دیکە لە ڕوانگەی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەنجومەنی ئاسایش وەک چۆن لە بەرامبەر ئایدز و ئیبۆلا هەندێک ڕێکاری گرتنە بەر دەتوانێ لە بەرامبەر کۆرۆناش هەمان کار ئەنجام بدات و بە چاوی ئاسایشی نێونەتەوەیی سەیری بابەتەکە بکات. هەروەها بەپێی یاساکانی بەندی (ئەلف) و ڕێسای ساڵی ٢٠٠٥ی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و مافی زانیاریی بەپێی بڕیاری ٥٩ی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دتوانرێت وڵاتی کەمتەرخەم و خەتابار ڕووبەڕووی یاسا بکرێتەوە.

## بابەتی یەکەم: هەڵوێستی یاسایی وڵاتانی تووشبوو

دوای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، زۆرینەی یاساناس و خاوەن بۆچوونە سیاسیەکان لە وڵاتانی جیاواز و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوەیان ڕاپاگەیاند کە دەبێت لە بەرامبەر ئەم کارەی چین، هەڵویستی یاسایی بگیرێتەبەر. (ایمن سلامه، ٢٠٢٠: ٢) لەو کارانەی کە تا ئێستا لە بەرامبەر چین گیراونەتەبەر، هەڵویستی هەندێک یاساناسی ئەمەریکایە کە بە سکاڵاکردن لە چین (tort) هەڵوێستی خۆیان نیشاندا، بەڵام پەسند¬کردنی ئەم داواکاریە لە دادگاکانی ئەمەریکا پێویستی بە هەڵگرتنی پارێزگاری لە سەر وڵاتی چین هەیە کە تا ئەمڕۆ یاسایەکی لەو شێوەیە لە ئەمەریکا بوونی نیە. بەپێی زانیاریەکان تا ناوەڕاستی نیسانی ٢٠٢٠ داواکاریی ڕێژەی زیانەکان لە دادگاکانی ناوخۆی وڵاتی ئەمەریکا نزیکەی ٢٠ ترلیون دۆلار بووە. (بیگدلی، ٢٠٢٠: ٥)

هەروەها، لە ٢٠٢٠/٤/٥ وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند: ئامارەکانی وڵاتی چین لەبارەی کۆرۆنا گاڵتەیەکی تاڵ بوو بەرامبەر بە جیهان. زۆرینەی وڵاتان بەپێی ئەو ئامارانە بیروڕایان وابوو کە ئەم نەخۆشیە وەک ئەنفلۆئەنزایە. لە بەرامبەردا، سەفیری دەوڵەتی چین لە تاران لە وەڵامێکی توندا، لە تۆڕی سۆشیال میدیایی تویتەر، ڕایگەیاند "هیوادارم ڕێز لە ڕاستی و هەوڵە زۆرەکانی گەلی چین

بگرن". دوای تویتەکەی سەفیری چین، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لە بەرامبەر ناردنی یارمەتیەکانیان دەست-خۆشی لە چین کرد. بەم شێوەیە ئێران وتەکانی پێشتری وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی کشاندەوە و لە بەرامبەر چین پاشەکشەی لە هەڵوێستی خۆی کرد. paragraph 2-3:(BBC Persian 2020 )

کارێکی سەرپێچیانەی دیکەی وڵاتی چین، هەڵگرتنی قەدەغەی بازاڕی فرۆشتنی گۆشتی (شەمشەمە کوێرە)یە، کە ئەگەری دووبارە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە لەم ڕێگەیەوە زۆرە. ئەمەش زەمینەیەکی دیکەیە بۆ گەڵاڵەکردنی داوا لە سەر وڵاتی چین. سەبارەت بە کردارە شاراوەکانی چین، ڕۆژنامەی (واشینگتۆن-پۆست) لە ٢٠٢٠/٤/٥ لە هەواڵێکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ژمارەی مردووەکانی وڵاتی چین (٤٢) هەزار کەس بوون نەک (٣٥٠٠) کەس. ئەم نارەزایەتی و دەنگۆیانە نیشانەی ئەوەن لە ئایندەیەکی نزیکدا کەیسی یاسایی بۆ ئەم بابەتە وەک یەکێک لە کەیسە گەورەکانی جیهان دەبێتەوە و دەنگدانەوەی زۆری لێ پەیدا دەبێت. بۆیە پێویستە بە چاوێکی زانستی و یاسایی بۆ ئەم بابەتە سەیری توانای یاسا بکەین. (بیگدلی، ٢٠٢٠: ٧)

بەشی یەکەم: بنەمای دەسەڵاتی دادگا

ئەلف) بەکارهێنانی دەسەڵاتی تەرافوعی (Adversarial): لە دادبینی ترافوعیدا تاوانبار و داواکار بە یەکەوە ئاگاداری کاری دادگایین و هەردوو لایەن مافی بەرگریان هەیە. بەپێی مادەی (٧٥)ی دەستووری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، "هەر بابەت یان لە یەکتر تێنەگەیشتنێک لە بارەی شرۆڤە یان جێبەجێ-کردنی ئەم دەستوورە دروست بێت، بە ڕێگەی گفتوگۆ یان لە ڕێگەی کۆمەڵەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی چارەسەر نەکرێت، لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەپێی دەستووری دادگا دەنێردرێتە دادگای دادی نێودەوڵەتی، مەگەر ئەوەی کە لایەنەکان ڕێگەیەکی دیکە بگرنەبەر". (Organization, 1995: 17)

زۆر کەس لەو باوەڕەدان لەبەر ئەوەی لەم مادەیەدا باسی لێک-تێنەگەیشتنی نێوان وڵاتانی ئەندام نەکراوە، بۆیە تەنها ڕێکخراوەکە دەتوانێت بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی بگەڕێتەوە. دادگا لە هەر بارودۆخێکدا فەرمان دەربکات ئەوا بڕیاری ڕاوێژکاریە، بەڵام ئەمە بڕیارێکە کە بۆ ڕێکخراوەکە و وڵاتانی ئەندام پێویستە جێبەجێ بکرێت. لە بەرامبەردا زۆرینەی یاساناسەکان، کە لە سەر ئەم بابەتە نووسینیان هەیە . (بیگدلی، ٢٠٢٠: ٩)، لەو باوەڕەدان کە:

یەکەم، بەپێی دەستووری دادگا، تەنها کێشەی نێوان دەوڵەتەکان دەتوانێت بچێتە دادگا.

دووەم، واتای کێشە لە مادەی (٧٥)ی لە سەر بۆچوونە ڕاوێژکاریەکان بەکار نایەت. بەڵکوو بەپێی بەندی (١)ی مادەی (٦٩)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سوود لە واژەی "بابەتی یاسایی" وەرگیراوە.

سێیەم، ڕێپێدانی داواکاریی ڕای ڕاوێژکاریی بەو شێوەیەی کە دەڵێن لە مادەی (٧٦)ی دەستووری ڕێکخراوەکەدا هاتووە.

چوارەم، ئیلزامی-بوونی بۆچوونە ڕاوێژکاریەکان پێویستی بەوەیە کە دەبێت لە ناو دەستووری ڕێکخراوەکەدا ئاماژەی پێ-بدرێتێت، بەڵام لە دەستووری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیدا ئاماژەی پێنەکراوە.

هەروەها بەپێی بەندی (٤)ی مادەی (٥٦) لە ڕێسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە تەندروستی ساڵی ٢٠٠٥ (IHR)، وڵاتانی لایەنگری ئەم ڕێسایە دەتوانن بەپێی بەندی (١)ی مادەی (٣٦) لە دەستووری دادگا ڕێککەون. ئەڵبەتە دەبێت مەرجەکانی پێشینەی هەبوونی کێشە و گفتوگۆکردن دیاری بکرێتن، بە گشتی وادەردەکەوێت کە بەپێی دەقی ڕوونی مادەی (٧٥)ی دەستووری دادگا، لانی-کەم لە قۆناغی یەکەمدا دەسەڵاتی (شاراوە یان هەڵپەسێراو)یان هەیە. (ICJ-CIJ.ORG)

ب) دەسەڵاتی ڕاوێژکاری: بەپێی مادەی (٧٦)ی دەستووری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و بەندی (٢)ی مادەی (٩٦)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، دادگای دادی نێودەوڵەتی، دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی ڕاوێژکاریی هەیە. ئەو پرسیارە چاوەڕوانکراوەی کە دەکرێت بخرێتە بەردەم دادگا ئەوەیە کە: ئایا ڕێوشوێنەکانی وڵاتی چین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بووە؟ لە وەڵامدا پێدەچێ کەمتەرخەمی کرابێت و بابەتە یاسایی و مافە تەندروستیە جیهانیەکان وەک پێویست ڕەچاو نەکرابن یان هەڵەی مرۆیی بە ئەنقەست یان بە نائەنقەست ڕووی دابێت، بۆیە توێژەران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تەندروستی جیهانی لە ڕوانگەی یاسایی کاری لە سەر دەکەن. لە درێژەدا

تیشک دەخرێتە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە.

بابەتی دووەم: داواکاریی سەرەکی لە لایەن داواکاری گریمانەیی

کرداری وڵاتی چین تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بریتیە لە شکاندنی بەندەکانی دەستووری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ڕێسای تایبەت بە تەندروستیی جیهانی ساڵی ٢٠٠٥، بە تایبەت یاسا و ڕێسای تایبەت بە ئاگادارکردنەوە لە ڕووی کات و دواکەوتن لە خستنەڕووی ئەو زانیاریانەی کە لە مادەکانی (٦٣) و (٦٤)ی دەستووری ڕێکخراوەکەدا هاتوون.

## بەشی یەکەم: گریمانەکانی داواکاری

لە کاتێکدا پێ دەچێت ئەگەر وڵاتی چین بەپێی ئەو ڕێسایانەی کە ئاماژەیان پێدرا کاری بکردایە و ئەرکی خۆی بەپێی ئەو ڕێوشوێنانە جێبەجێ بکردایە ئەمڕۆ ڕووبەڕوووی ئەو ڕێژە بەرفراوانەی بڵاو-بوونەوەی ئەم نەخۆشیە نەدەبووینەوە. لێرەدا هەندێک لایەنی حقووقی داواکاریی یاساییان هەیە ئەم لایەن و کەسانەی کە دەتوانن داواکاری گریمانەییان هەبێت بریتین لە:

١-ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەپێی پێشێل-کردنی ڕێساکانی ڕێکخراوەکە؛

٢-ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تایبەت ئەنجومەنی ئاسایش، لە ڕووی مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی؛

٣-دەزگاکانی مافی مرۆڤ لە ڕووی پێشێل-کردنی یاساکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ؛

٤-هەر کەس یان کۆمەڵە کەسێک یان سەرجەم وڵاتانی ئەندام لە ڕووی پێشێل-کردنی ڕێساکانی دەستووری ڕێکخراوەکە.

## بەشی دووەم: بەڵگەکانی مافی داواکاری

ئەو ڕێسا و یاسایانەی کە پێشێل کراون دەبنە بەڵگەی لادان لە یاسا و تۆمەتبار دەکێشتە بەردەم دادگا. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە چ ڕێسا یان یاسای دەستووری ڕێکخراوەکە پێشێل کراون؟ لە وەڵامدا دەتوانرێ بگوترێت مادەی (٦٣) و (٦٤)ی دەستووری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، کە لە درێژەدا باسیان لێوە دەکرێت.

١-مادەی (٦٣)، "هەر یەک لە ئەندامان دەبێت بە بێ دواکەوتن گرینگترین یاسا، ڕێوشوێن، ڕاپۆرتی فەرمی و داتای تایبەت بە بارودۆخی تەندروستی و سەلامەتیی گشتی کە لەو وڵاتە بڵاو بۆتەوە بیگەیێنە دەستی ڕێکخراوەکە" (خستنەڕووی زانیاریە یاسایی، ڕێوشوێن و داتاکان دەستبەجێ بخرێنە بەردەست ڕێکخراوەکە)

٢- مادەی (٦٤)، هەر یەک لە وڵاتانی ئەندام دەبێت ڕاپۆرتە داتاییەکانی تایبەت بە نەخۆشی بەربڵاوبوو، بەپێی ئەو ڕێوشوێنەی کە لە لایەن کۆمەڵەی ڕێکخراوەکە دیاری دەکرێت، بیخەنەڕوو. (TZENG, 2020: paragraph 5)

## بابەتی سێیەم: هەڵسەنگاندنی کۆتایی

بەپێی بوچوونەکانی (پیتەر زینک) کە لە توێژینەوەکەیدا باسی کردووە "سکاڵا تۆمارکردن و بەرز-کردنەوەی داوا بۆ قەرەبووی زیانی وڵاتێک لە ئاست وڵاتی چین لە دادگادا کارێکی سادە و ئاسان نیە. (conclusion:TZENG ,٢٠٢٠) گریمان کە داوا یاساییەکە بە ئەنجامێکی گونجاو نەگات، بردنی وڵاتێکی گەورەی وەک چین بۆ بەردەم دادگا و خستنەڕووی کێشەیەکی لەم جۆرە دەتوانێت دەستکەوتی سیاسی بەرچاوی هەبێت. ئەم هەوڵە کە بتوانرێت وڵاتێک لە بەرامبەر مردنی کەسانێکی زۆر لە هەر شوێنێکی دونیا بە بەرپرس بناسرێت و لە هەوڵی خستنەڕووی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دابێت، کارێک نیە کە هەموو ڕۆژێک ڕوودات، لە ئەنجامدا لە کاتێکدا کە بچوکترین شانسی جێبەجێ-کردنی دادپەروەری هەبێت نابێت پشت-گوێ بخرێت" . (بیگدلی، ٢٠٢٠: ١١)

بۆچونی پیتەر زینک کە سکاڵاکردن لە وڵاتی چین کارێکی سادە نیە لە چەند ڕوویێکەوە جێی لێکۆڵینەوە و باس-کردنە:

یەکەم، پێدەچێت لەم کاتەدا کە هێشتا زۆرینەی وڵاتان دەرگیری نەخۆشیەکەن و هێشتا لە دۆخی بەرەنگار-بوونەوەدان، کاتێکی گونجاو

نەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئەم داوایە دژبە چین، بە تایبەت کە وڵاتی چین لە پاش بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە، یارمەتی تەندروستیی بەرچاوی بۆ وڵاتانی زیانبار ناردوە. هە ڵبە ت ئەم بەڵگەیە لە ڕووی یاساییەوە نابێتە هیچ پاساوێک و پێشگر نیە لە بەرزکردنەوەی داوای یاسایی. (TZENG: conclusion, ٢٠٢٠)

دووەم، بەرزکردنەوەی داوای یاسایی دژ بە دەوڵەتیکی بەهێزی پلە یەکی وەک چین لە لایەن وڵاتانی دیکە، کە بە جۆرێک پەیوەندیی سیاسی و ئابووریيان لە گەڵ هەیە، ئەستەمە. دیسان ئەم بۆچوونەش نابێتە هیچ پاساوێکی یاسایی و نابێتە ڕێگر لە بەردەم بەرزکردنەوەی داوای یاسایی و نیشاندانی بەڵگە و بنەمای دەسەڵاتی دادگا و سەلماندنی لە دادگادا. لە هەمان کاتدا تەواوی وڵاتان ئەو جۆرە پەیوەندیە بەهێزەیان لە گەڵ وڵاتی چین نیە کە نەتوانن ڕێگای دادگا بگرنەبەر. بۆ نموونە ناکۆکیەکانی ئەم ساڵانەی نێوان ئەمەریکا و چین، پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەی تاڕادەیەک تووشی لێکترازان کردووە. دەرەنجام، هەروەک چۆن دووگەکانی مارشال لە دژی وڵاتانی بەریتانیا و هندوستان و پاکستان داوایان بەرز کردەوە، زۆرینەی ئەو وڵاتە بچووکانەی کە پەیوەندیەکی توندیان لە گەڵ چین نیە، دەتوانن لە دژی ئەم وڵاتە داوای یاسایی بەرز بکەنەوە. (بیگدلی، ٢٠٢٠: ١٢)

## بەشی یەکەم: میکانیزمی داوای یاسایی

وێڕای کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم وڵاتانی زیانمەند، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە بە جۆرێک بە وڵاتی چین گرێدراون یان لە ئاست دەوڵەتی چین لاوازن، بە مەبەستی وە رگرتنی ماف و قەرەبووی یاسایی و ڕێگری¬کردن لە دووبارەبوونەوەی هەڵە و کاری نەخوازراو لە دژی تەندروستی جیهانی، پێویستە وڵاتانی زیان¬¬دیتوو بۆ داوای یاساییەکانیان ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەن:

یەکەم، هەرچەندە لە ڕووی دەسەڵاتی خۆیەوە، پێشینەی کاری دادگا پێشینە و شی¬کردنەوەیەکی بەرتەسکە؛ لەم کەیسەدا، بەپێی بنەمای دەسەڵاتی دادگا واتا مادەی (٧٥)ی دەستووری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لانی¬کەم لە قۆناغی یەکەم و بەشێوەی ڕووکەشی یانprima facie دەکرێ ڕەخنە لە دەسەڵاتی دادگا بگرێت و پشت¬گوێ بخات و بچێتە ناو قۆناغی لێکۆڵینەوەی بابەتی.

دووەم، ڕەنگە بابەتی داوای یاسایی لە قۆناغی سەرەکی تووشی چەند گرفتێک بێت، لەوانە:

أ) نەبوونی هەڵوێستی فەرمی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە بەرامبەر سەرپێچیەکانی چین.

ب) گرفتی خستنەپاڵی ئەم کردارە سەرپێچیکارانە بۆ وڵاتی چین.

ج) گرتنەبەری دیپلۆماسیی دادوەریی لە لایەن دادگا، پێش چوونە ناو قۆناغی بڕیاردانی کۆتایی.

سێیەم، گریمان دادگا بڕیاری ئیدانەکردنی وڵاتی چین بدات و سزای پێبژاردنی بەسەردا بسەپێنێ، دیاری¬کردنی ڕێژەی چەندێتی سزای پێبژاردن ئەویش لەماوەیەکی دوور و درێژدا، کە بەپێی زیانە فراوانەکانی ئەم نەخۆشیە لە هەموو جیهان هەڵدەسەنگێندرێت، کارێکی تاڕادەیەک قورسە.

چوارەم، ئەگەر لە بەرامبەر وڵاتی چین داوا بەرز بکرێتەوە و دادگا دەسەڵاتی خۆی بسەلمێنێت و بیخاتەڕوو و لە کۆتاییدا بڕیاری تاوانبارکردنی وڵاتی چین بدرێت، ئایا وڵاتانی دیکەی وەک ئەمەریکا، بەریتانیا و ئێران کە وەک وڵاتی چین سەرپێچیان لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری یان ئاگادارکردنەوەی درەنگ و شاردنەوەی زانیاریەکان کردووە، دادگایی دەکرێن؟ بە دڵنیاییەوە ئەم باباتەش جێگەی تێبینی و لێکۆڵینەوەیە. (بیگدلی، ٢٠٢٠: ١٢)

## بەشی دووەم: ڕای ڕاوێژکاریی

بەپێی ئەم وردەکاریانەی کە باس کران، ڕەنگە باشترین ڕێگەچارە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی، داواکاری ڕای ڕاوێژکاری بێ لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی. لەم کاتەدا ئەگەر دادگا لە چوارچێوەی ڕای ڕاوێژکاریی، کردەوەی وڵاتی چین بە کردارێکی سەرپێچیانە و پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتی بزانێت، تارادەیەکی زۆر ئەنجام بە دەست دەکەوێت، هەرچەندە بەپێی فەرمانە ڕاویژکاریەکانی دادگا، سزای پێشڕاردنی بە دوادا نایێت، یان بەپێی ئەم جۆرە فەرمانە ڕاوێژکاریانە زیان-لێکەوتووان قەرەبوو ناکرێنەوە، بەڵام دڵنیایی دەدرێت و دەسەلمێنرێت کە:

یەکەم، وڵاتی چین هەوڵیداوە نەخۆشیەکە بشارێتەوە و بە کارە قایمکاریەکانی بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە لە تەواوی جیهان.

دووەم، دەردەکەوێت کە ئەم وڵاتە زۆر بەهێز و گەورەیە سەرەکیترین هۆکار و مەترسی جیدیە بۆ سەر ئاسایشی مرۆڤایەتی و ئاسایشی جیهان.

ئاشکرایە ئەم فەرمانە ڕاوێژکاریە کاتێک گرنگی زیاتری دەبێت کە کۆمەڵەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ئاست پەیامی مرۆڤایەتی و جیهانیی خۆیدا، بڕیارێک بۆ پەسەندکردن و پارێزگاری لەو فەرمانەی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەربکات و بە هەموو جیهان و مرۆڤایەتی پیشان بدات کە دادپەروەری لە پیش هێز و دەسەڵاتەوەیە.

## کۆتایی

### یەکەم: دەرئەنجام

جیهانی ئەمڕۆ بە چوارچێوەی یاسایی بەند کراوە و بۆ هەر دیاردە و ناهەموارییێکی نێودەوڵەتی دەکرێ پەنا ببرێتە بەر یاسا؛ بە تایبەتی بۆ ئەو کارەساتانەی کە لە نێوان وڵاتان و مرۆڤایەتی هاوبەشن و زۆرینەی خەڵک تێیدا زیانمەند دەبن، یاسا دەتوانێت ببێتە باشترین ئامراز و پێوەر. لە گەڵ ئەوەشدا زۆر لە وڵاتانی زلهێز بە ئاسانی مل نادەنە یاسا نێودەوڵەتیەکان. بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا یەکێک لەو زیانە بەکۆمەڵانەیە کە تەواوی جیهانی تووشی گرفتێکی مەزن کردوە و مەترسی گەورەتریشی بۆ مرۆڤ بەدواوەیە، بۆیە پێدەچێت گۆڕانکاری بە سەر یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکاندا بێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕێکاری گونجاوتر و کاراتر بگرنەبەر لەوانە:

١-بەپێی پابەندیی وڵاتان لە ناو پەیماننامە و بەڵێننامەی ڕێکخراوە جیهانییە نێودەوڵەتیەکان هەڵی سکاڵا و وەرگرتنەوەی قەرەبووی زیانباران دەستەبەر بکرێت.

٢- وڵاتان دەتوانن لە پەنا ئەو ڕێکخراوە جیهانیانە زیاتر بەدواداچوون بۆ مافە یاساییەکانیان بکەن.

٣- وڵاتانی بچووک کە کەمترین پەیوەندییان لە گەڵ چین هەیە و زۆرترین زیانیان لێکەوتوە تەنها دەتوانن لە ڕێگەی یاسا و بە پشتیوانی ئەم ڕێکخراوانە داوای مافەکانی خۆیان بکەن و فشار بۆ لایەنی هەڵەکار بهێنن.

٤- بەپێی یاسا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانێت فشاری یاسایی بۆ وڵاتانی کەمتەرخەم یان تاوانبار بهێنێت تاکوو پابەندی یاسا تەندروستیەکان و مافە مرۆیەکان بێت.

٥- کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانێت فشار بۆ وڵاتی کەمتەرخەم یان خەتابار بێنێت تاکوو قەرەبووی جیهانی پێبکەنەوە.

٦- وڵاتانی جیهان بە هاودەنگی و یەکریزی دەتوانن فشار بۆ وڵاتی پێشێلکار بێنن و گۆشەنشینی بکەن و ڕای گشتی لە بارەیەوە بجزوێنن.

٧- بەم کارە گەلەکۆمەکیەی وڵاتانی هاوخەم، لە ڕووی فەرهەنگیەوە وڵاتی چین لە متمانەی جیهانی وەک زلهێزێک دەکەوێت.

٨- جگە لە چەکی یاسا و هاندانی ڕای گشتی جیهانی، سیاسەتی ئابووری نوێی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا دەتوانێت ڕووبەڕووی ئابووریی کارەساتباری وڵاتی چین بێتەوە و ئەو وڵاتە ناچار بکەن تاکوو ملکەچی یاسا بێت.

### دووەم: ڕاسپاردەکان

بەپێی پرس و دەرئەنجامی توێژینەوەکە، پێویستە ئاماژە بە هەندێک ڕاسپاردە لە قالبی پێشنیاری توێژینەوەیی بکرێت بەو مەبەستەی لە داهاتوودا کاری توێژینەوەیی بکرێتە پێوەرێکی چەندرەهەندیی بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی پرسە جیهانیەکانی وەک نەخۆشیە گوازەرە و بەربڵاوەکان.

١-پێویستە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، وەك لایەنی سەرەکی پەیوەندیدار بە نەخۆشیە گوازراوەکان، ڕێسای نوێتر و توندتر، بە مەبەستی پێشگریی لە بڵاوبوونەوەی نەخوشیە گوازراوەکان و چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیانە، دەربکات.

٢-ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی پێش هەر لایەنێك پێویستە لە بەرامبەر وڵاتانی کەمتەرخەم میکانیزمیك بۆ لێپرسینەوە لە وڵاتانی هەڵەکار گەڵاڵە بکات.

٣-پێویستە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگیی زیاتر بە بابەتی نەخۆشیە گوازراوەکان بدات و لە ڕێگەی دامەزراوەکانی وەک کۆمیتەکانی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی پەروەردە و فێرکردن و فەرهەنگ وەك یونسێف و یۆنسکو، ڕێنمای زۆر باش لە سەرجەم ناوەندە فێرکاریەکانی جیهاندا بڵاو بکەنەوە.

٤-بە هۆی ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیانە پەیوەندی بە سەقامگیریی وڵاتان و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە هەیە، پێویستە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی زۆر گرنگتر لەم بابەتە بڕوانێت و بڕیاری ژیرانەی بۆ دەربکات و وڵاتانی کەمتەرخەم ئاگادار بکاتەوە.

٥-ئەگەر وڵاتان داوای یاساییان لە بەرامبەر وڵاتانی بەرپرسیار تۆمار کرد، پێویستە دادگای دادی نێودەوڵەتی وەك ئەرکی بنەڕەتی خۆی بڕیاری نوێ و دادپەروەرانە لەو بارەوە دەربکات.

٦-ئەوەی لە سەر وڵاتان پێویستە و لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە کە دەبێ ڕێز لە ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان بگرن و لە ئەگەری گومان و دەرکەوتنی نەخۆشیەک بە ڕاشکاوانە و دەستبەجێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئاگادار بکەنەوە. هەروەها دەبێت دەوڵەتەکان هەوڵی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گوازراوەکان بگرن.

### سەرچاوەکان


**ئەلف) فارسی**

١-زمانی، سیدقاسم (١٣٩٩)، "بحران کرونا و تعهد بین¬المللی دولت برای تضمین سلامت شهروندان"، تهران: دانشگاه علامه طباطبایی، دانشکده حقوق و علوم سیاسی.

٢-ضیائی بیگدلی، محمدرضا (١٣٩٩)، "کرونا و حقوق بین¬الملل، امکان¬سنجی طرح دعوا علیه چین در دیوان بین¬المللی دادگستری"، تهران: آکادمی حقوق بین-الملل ضیائی بیگدلی.

٣-عسکری، پوریا (١٣٩٩)، "کرونا و حقوق بین¬الملل"، تهران: آکادمی حقوق بین-الملل ضیائی بیگدلی.

٤-مصفا، نسرین (٢٠٢٠)، "کرونا و آیندەی همکاری¬های بین¬المللی، تهران: انجمن ایرانی مطالعات سازمان ملل متحد (Iranian Association For UN Studies).

**ب) عربي**

١-الجبوري، خلف رمضان (٢٠٢٠)، رؤية للوضع الدولي الراهن في ظل كورونا واستشراف للوضع الدولي مابعد كورونا. Retrieved from https://www.uomosul.edu.iq/news/ar/rights/55737

٢-السقاف، محمد على (٢٠٢٠)، "كورونا"والقانون الدولى، لندن: جريده الشرق الاوسط.

٣-سلامه، ايمن (٢٠٢٠)، دعاوى قضائيه تطالب بتغريم الصين، قاهره: جريده الزمان.

٣-هومان رايتس وتش (٢٠٢٠)، الابعاد الحقوقيه في الاستجابه لفيروس "كرونا" المستجد، نيويورك: www.hrw.org.

ج) ئینگلیزی

1-Huremagić, H., & Kainz, F. (2020). COVID-19, China and International Aviation Law: A ticket to The Hague? , from Blog of the European Journal of International Law (EJIL): Talk https://www.ejiltalk.org/covid-19-china-and-international-aviation-law-a-ticket-to-the-hague/

2-Shokar, P. (2020, May 13). Will COVID-19 usher on another decade of austerity within the United Kingdom? What does this mean for the protection of economic, social and cultural rights (ESCR)? Retrieved from https://www.ejiltalk.org/author/pshokar/

3-TZENG, P. (2020). Taking China to the International Court of Justice over Covid-19. from Blog of the European Journal of International Law (EJIL): Talk https://www.ejiltalk.org/taking-china-to-the-international-court-of-justice-over-covid-19/

4-UN Economic and Social Council. (2000). General Comment No. 14: The Right to the Highest Attainable Standard of Health (Art. 12 of the Covenant). (E/C.12/2000/4). Retrieved 24 July 2020, from UN Committee on Economic, Social and Cultural Rights (CESCR).
https://www.refworld.org/pdfid/4538838d0.pdf

5-UNAIDS. (2000). The Responsibility of the Security Council in the Maintenance of International Peace and Security: HIV/AIDS and International Peacekeeping Operations. from UN Security Council Resolution.
https://data.unaids.org/pub/basedocument/2000/20000717_un_scresolution_1308_en.pdf

6-United Nations. (2018). Security Council Condemns Attacks by Armed Groups in Democratic Republic of Congo Jeopardizing Response to Ebola Outbreak. Retrieved from.
https://www.un.org/press/en/2018/sc13559.doc.htm

7-United Nations Conference on Trade and Development (2020). Global trade impact of the coronavirus (COVID-19) epidemic. Retrieved 24 July 2020.
https://unctad.org/en/PublicationsLibrary/ditcinf2020d1.pdf

8-world Health Organization. (2020a). Coronavirus disease (COVID-19) pandemic. Retrieved from https://www.who.int/emergencies/diseases/novel-coronavirus-2019

9-World Health Organization. (2020b). WHO Director-General's statement on IHR Emergency Committee on Novel Coronavirus. Retrieved from.
https://www.who.int/dg/speeches/detail/who-director-general-s-statement-on-ihr-emergency-committee-on-novel-coronavirus

10-World Health Organization. (2020c). World experts and funders set priorities for COVID-19 research. Retrieved from https://www.who.int/news-room/detail/12-02-2020-world-experts-and-funders-set-priorities-for-covid-19-research

11-World Health Organization. (2020, July 20). WHO Director-General's opening remarks at the media briefing

on COVID-19. Retrieved from.

https://www.who.int/emergencies/diseases/novel-coronavirus-2019?gclid=CjwKCAjwx9_4BRAHEiwApAt0zmDmWzG3BVDONrTF-c-YH7nXzQVFkP-UyrKAB_PwMDBuvaAdoQ2lmhoCaU8QAvD_BwE.

12-BBC Persian. (2020). Retrieved April, 2020, from BBC https://www.bbc.com/persian/iran-52178693.

13-Commission, I. L. (2016). Draft Articles on the Protection of Persons in the Event of Disasters. United Nations, Report of the International Law Commission: Sixty-eighth Session (2 May–10 June and 4 July–12 August 2016). General Assembly, Official Records, Seventy-third Session, Supplement(10), 13-73.

14-Organization, W. H. (1995). Constitution of the world health organization.

15-Organization, W. H. (2008a). Implementation of international health regulations (2005). Retrieved from https://www.who.int/ihr/finalversion9Nov07.pdf.

16-Organization, W. H. (2008b). International health regulations (2005): World Health Organization. United Nations human rights. (1948).

17-International Human Rights Law. Retrieved from.

https://www.ohchr.org/en/professionalinterest/pages/internationallaw.aspx.